ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

وانەی (٢٧)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پڕۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور ١١٥، 119: 89- 176 ؛ 139) .

گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) "خودا سەروەرو دەسەڵاتداری ڕەهایە " ئەفەسۆس ١: ١١- ١٢

. بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیارامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، "خودا سەروەرو دەسەڵاتداری ڕەهایە " ئەفەسۆس ١: ١١- ١٢

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) زاواو جلی دڕاو و پینەکردنی و مەشکەی شەراب

"نمونەی زاواو جلی دڕاو و پینەکردنی ومەشکەی شەراب " لە مەتا ٩: ١٤- ١٧ تایبەتە بە **ڕۆژووگرتن لە شانشینی خودا**

مەتا ٩: ١٤- ١٧ ؛ مەرقۆس ٢: ١٨- ٢٢ ؛ لۆقا ٥: ٣٣- ٣٩ بخوێنەوە .

لە مەتا ٩: ١٤- ١٧ عیسا سێ نمونە بەکاردەهێنێ تاکو باوەڕدارانی ڕاستەقینە فێری ڕۆژووگرتن بکات :

نمونەی زاوا: " ئایا بانگهێشتکراوانی زەماوەند دەتوانن شیوەن بگێڕن کاتێك زاوا لەگەڵیاندایە؟ بەڵام ڕۆژێك دێت زاوایان لێ دوور دەخرێتەوە، ئەوسا بەڕۆژوو دەبن "

نمونەی جلی دڕاو : کەس کراسی کۆن بە پەڕۆیەك کە نەچووبێتە ئاو پینە ناکات، چونکە پینەکە کراسەکە لێك ڕادەکێشێت و دڕاویەکە خراپتر دەکات ."

نمونەی مەشکەی شەراب : " شەرابی نوێش ناکەنە ناو مەشکەی کۆنەوە، ئەگینا مەشکەکە دەدڕێت، جا شەرابەکە دەڕژێت و مەشکەکەش لەناودەچێت. بەڵکو شەرابی نوێ لەناو مەشکەی نوێ دەکرێت و هەردووکیان پارێزراو دەبن " هەروەها بڕوانە لۆقا ٥: ٣٩ "... "

عیسا ئەم سێ نمونەی دوبارە کردەوە لە فێرکردنەکانیدا بەو واتایەی ڕۆژووگرتن لە شانشینی خودا گرنگیەکی زۆری هەیە !

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

تێبینیەکان .

زاواو میوانەکانی .

زاواو میوانەکانی زاوا شتێکی باوبوو لە نێو هەموو کۆمەڵگەکانی جیهاندا.

پارچەی لەئاو نەچوو .

هەموو ئەوانەی کار دەکەن لە بواری پارچەو پەڕۆدا دەزانن کاتێ پارچەیەك لەئاو نەچووبێت پینەی کراسێکی کۆنەی پێبکرێت کراسەکە لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێت و کراسەکە زیاتر دەدڕێت .

مەشکەی شەراب .

مەشکە زۆرجار لە پێستی بزن یان مەڕ دروست دەکرا . پێستەکەیان لەبەر مەڕەکە دەکردەوەو خۆشەیان دەکردو خوریەکەیان کورت دەکردەوە پاشان هەڵیان دەگێڕایەوە . ئیدی هەرچوار کونی ئەملاولای دەدورایەوە و کونی دەمەکەی بە کراوەیی دەمایەوە .

شەرابی نوێ .

شەرابی نوێ زوو ئاڵوگۆڕ دەکات ، بۆیە ئەگەر شەرابی نوێ بکرێتە مەشکەی نوێوە کرداری ئاڵوگۆڕ و گازەکانی نێوی دەبێتە مایەی دڕاندنی مەشکەکە و لەناوچوونی مەشکەکەش وشەرابە نوێیەکەش .

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ٩: ٩- ١٤ .

ئەم نمونانە دوای بانگکردنی مەتا دێت ڕاستەوخۆ لە هەر سێ ئینجیلی مەتاو مەرقۆس و لۆقادا . ئەم گرێدانەش پەیوەندی بە زەمەنی هەردوو ڕوداوەکەوە هەیە وەك کۆن و نوێ بە شێوەیەکی دراماتیکی لەو کاتەدا عیساو قوتابیەکانی لەگەڵ باجگران وگوناهباران نانیان دەخوارد لەماڵی مەتا ، قوتابیەکانی یەحیای لەئاوهەڵکێش و قوتابی فەریسیەکان بەڕۆژوو بوون .

بەڵام ئەگەر گرێدانێکی زەمەنیش نەبێت لە نێوان ئەم دوو ڕوداوەدا ئەوا گرێدانێکی لۆژیکی هەیە . لە ڕاستیدا زۆرجار عیساو و قوتابیەکانی تێکەڵ دەبوون بە باجگران و گوناهباران (مەتا ١١: ١٩؛ لۆقا ٧: ٣٤ ؛ ١٥: ١؛ ١٩: ١- ١٠) . بەڵام قوتابیەکانی یەحیای لەئاوهەڵکێش وفەریسیەکان نانیان نەدەخوارد لەو جۆرە یادو داوەتانە بەڵکو خۆیان بە پاکی ڕادەگرت و دەبوو بە ڕۆژوو بن .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٩: ١٥- ١٧ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە .

دەبێت ئەنجامی جێبەجێکردنەکە لە چیرۆکە هاتوەکەوە بێت و بانگراوندی ئەم چیرۆکەوە بێت .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

لەبەرئەوەی عیسا شرۆڤەو ڕوونکردنەوەی نەکردوە بە وردەکاریەوە ، دەبێت وردەکاریە گرنگەکان و بنەڕەتیەکان دیاری بکرێن بە پشتبەستن بە چوارچێوەی بەشە هاوشێوەکانی نێو کتێبی پیرۆز .

زاوا .

زۆرجار کتێبی پیرۆز ئەم وشەیەی لێکچواندوە بە پەیوەندی نێوان خوداو گەلەکەی یان نێوان مەسیح و کڵێساکەی بە گرێدانێکی خۆشەویستی ئەوەی زاوا دەبەستێتەوە بە بووکەوە (ئیشایا ٥٤: ١، ٥؛ ٦٢: ٥ ؛ یەرمیا ٣١: ٣٢ ؛ مەتا ٢٥: ١ ؛ یۆحەنا ٣: ٢٩ ؛ ١کۆرنسۆس ١١: ٢ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٣٢ ؛ بینین ١٩: ٧؛ ٢١: ٩ ؛وە بەپێی ٢کۆرنسۆس ١١: ٢ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٣٢ زاوا و بووك وێنەیەکن بۆ مەسیح و کڵێسا .

میوانەکانی زاوا .

کتێبی پیرۆز دەستەواژەکە بەکار دەهێنێ بۆ کەسوکاری زاوا وەك ئاماژەیەك بۆ هاوڕێکانی زاوا .

کراسی کۆن .

عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراو نادات بۆ ئەم دەستەواژەیە بەڵام ڕوونی دەکاتەوە لە چوارچیوەی بەشەکەدا کە کراسی کۆن وێنەیەکە بۆ سیستەمی کۆن ئەوەی مرۆڤ داینـاوە .

پەڕۆی لەئاو نەچوو .

عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراو نادات بۆ ئەم دەستەواژەیەش بەڵام ڕوونی دەکاتەوە لە چوارچێوەی بەشەکەدا کە پەڕۆی لەئاو نەچوو وێنەیەکە بۆ سیستەمی نوێ ئەوەی خودا داینـاوە .

شەرابی کۆن و مەشکەی کۆن .

عیسا شرۆڤەی ئەم دوو دەستەواژەیە ناکات بەڵام لە چوارچێوەی بەشەکەدا ڕوونی دەکاتەوە کە شەرابی کۆن وێنەیە بۆ دڵتەنگی و ڕۆژووگرتن کە هیچ خۆشیەکیان تێدا نیە لەلای قوتابیەکانی یەحیاو فەریسیەکان وە مەشکەی شەراب وێنەیەکە بۆ شێوەو ڕێگەی کۆن کە شەریعەتی جولەکە پەیڕەویان دەکرد .

شەرابی نوێ و مەشکەی نوێ .

عیسا شرۆڤەی ئەم دوو دەستەواژەیە ناکات بەڵام لە چوارچێوەی بەشەکەدا ڕوونی دەکاتەوە کە شەرابی نوێ وێنەیە بۆ ڕزگاریی و بەرەکەتەکانی وە مەشکەی نوێ وێنەیەکە بۆ گوزارشەکانی ڕزگاریی و ژیان لە مەسیحدا ئەوەی گوزارشێکە لە خۆشی و هەستکردن بە سوپاسگوزاریی .

ناکرێ بڵێین شەرابی کۆن وێنەیەکە بۆ ڕزگاریی بەکارکردن بە شەریعەت وە شەرابی نوێ وێنەیەکە بۆ ڕزگاریی بە نیعمەت چونکە بەراوردکاریی لەنێوان سیستەمی شتە کۆنەکان ئەوەی فێرکردنەکانی

شەریعەت بوون و پەیڕەو دەکران و لەلایەن مرۆڤەکانەوە دانرابوون وە سیستمەی نوێی شتەکان ئەوەی عیسا هێنای . بەراوردکاریەکن لەنێوان دەزگاکان و پەیڕەوکردنی مرۆیی لەلایەك و بڕیارەکانی خودا لەلایەکی تردوە لە نێوان نەریتی مرۆڤانەو فێرکردنی خودایی !

ناکرێ بەراوردکاریی ئەمە بکەین لە نێوان پەیمانی کۆن و نوێ چونکە بەردەوامیەك هەیە لە نێوان فێرکردنەکانی پەیمانی کۆن و نوێ (وتەکان ٦: ٥ ؛ لێڤیەکان ١٩: ١٨) ، وە فێرکردنەکانی عیسا لە پەیمانی نوێ (مەرقۆس ١٢: ٣٠- ٣١) . بەڵام مامۆستایانی شەریعەت و فەریسیەکان فێرکردنەکانی پەیمانی کۆنیان لە گۆڕنا و شاردیانەوە لە ژێر نەریتە مرۆڤانەکەیاندا .

دوای خواردنەوەی شەرابی کۆن کەس حەز ناکات شەرابی نوێ بخواتەوە چونکە دەڵێ کۆنەکە باشترە .

لەڕاستیدا ، سیستەمی نوێ ئەوەی عیسا هێنای گوزارشێکە و واتایەکی باشن بۆ وشەی کۆن . چونکە هات و ناوەڕۆکی فێرکردنەکانی پەیمانی کۆنی گەڕاندەوەو ژیانی خستەوە بەر بڕوانە زەبور ٢٣: ٥- ٦ .

بەڵام فەریسیەکان ئاماژەیان دابە نەریتی پیرەکان وەك خەسڵەتی شەرابی کۆن ئیدی بەم شێوەیە ئەوان دەستیان گرتبوو بە نەریتی مرۆڤانەو بۆچوون و بڕیارەکانی مرۆڤەوە و وشەی خودایان ڕەتکردەوە ئەوەی پێغەمبەران و عیسا لە پەیمانی نوێ فێرکردنیان لەبارەوە کرد (مەتا ١٥: ٦- ٩ وە باوەڕیان نەهێنا بە عیسای مەسیح مەتا ٥: ١٧ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٥ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٤ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی زاواو کراسی دڕاو و مەشکەی شەراب لە مەتا ٩: ١٤-١٧ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی " ڕۆژووگرتن لە شانشینی خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " سیستەمی شتە نوێیەکان ئەوەی عیسای مەسیح هێنای لە هاتنی یەکەمیدا ناگونجێ لەگەڵ سیستەمە کۆنەکەی شتەکاندا ئەوەی نەریت و بڕیاری مرۆڤانە بوون و فەریسیەکان لە ڕاپێچی بابل وەریان گرتەوە ، سیستەمی نوێ پێکهاتوە لە ڕزگاریی خەڵک وچاکردنەوەیان و گۆڕانیان و نوێبونەوەیان ئەمەش لە شێوەی ژیانە کە مەسیح بڕیاری لەسەر داوە ، وێنەیەکە بۆ خۆشی ڕزگاریی . بەڵام سیستەمە کۆنەکە پێکهاتوە لە نەریتی پیرەکان و گوزارشە لە شێوازی پەیڕەوکردنی ئایینی ئەوەی مرۆڤ بڕیاری لەسەر داوە وەکو ڕۆژووگرتن و دڵتەنگی .

سیستەمی شتە کۆنەکان بەدیاری کراوی نەریتی پیرەکان (بڕوانە ڕیبەری ڕێنماییەکان ١١، وانەی ٢٥ . هەروەها بڕوانە مەتا ٦: ١٦ وە لۆقا ١٨: ١٢ .

سیستەمی شتە نوێیەکان لە مەتا ١١: ٤- ٥ وە لۆقا ٤: ١٨- ١٩ پێکهاتوە لە سیستەمی شتە نوێیەکان وەکو چاککردنەوەی نەخۆش و ئازادکردنی ئەوانەی ڕۆحی پیسیان تێدایەو زیندوو کردنەوەی مردوان و مزگێنیدان و ڕاگەیاندنی نیعمەتی خودا و ڕزگاریی لە گوناهە .

چوارچێوەی بەشەکەش بەراوردکاریە لە نێوان پەیڕەوکردنەکانی مرۆڤانەو ڕاسپاردەکانی خودایی .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

بزانە .

ڕۆژوو لە زمانی عیبریدا ڕۆژوو هەروەها لە زمانی یۆنانیدا نیستوو ، خۆگرتنەوەیەکی ئارەزومەندانەیە لە خواردن و ئامانج تێیدا لایەنی ڕۆحیە ، ڕۆژووگرتن جیاوازە لە مانگرتن لە خواردن کە ئامانج لێی سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەرە بۆ دۆزێکی دیاریکراو بەتایبەتی دۆزی سیاسی .

أ. فێرکردنی سەرەکی لەبارەی ڕۆژوو لە شەریعەتی پێغەمبەراندا.

لێڤیەکان ١٦: ٢٩- ٣٤؛ ٢٣: ٢٦- ٣٢ (١٤٤٦ پ. ز) ؛ ژمارە ٢٩: ٧(١٤٠٧ پ. ز) ، ئیشایا ٥٨: ٦- ١٢ (٧٤٠ – ٦٨٠ پ. ز). بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : واتاو کاتی ڕاستەقینەی ڕۆژوو کامەیە ؟

دوو وشەی عیبری هەیە جیاکاری دەکرێ لە نێوانیاندا وەك دەستەواژە " عننە نیفش" واتە خۆی ملکەچ دەکات یان ملکەچ دەبێت یان وا لە خۆی دەکات بنالێنێت ، یان خۆی زەبون وکەساس وداماو دەکات واتە مرۆڤ ناخی خۆی بێ بەش دەکات (لە عەرەبیدا : خۆ ڕەتکردنەوە) وە وشەی عیبری "ڕۆژوو" بەرامبەر بە وشەی عیبری "ڕۆژوو" واتە خۆ گرتنەوە لە خواردن .

لەماوەی پەیمانی کۆن (١٤٤٦ – ١٤٠٧ پ. ز) شەریعەت بە درێژایی ساڵ ڕۆژێکی فەرمان پێکردبوو بۆ گەلی ئیسرائیل کە تیایدا خۆیان زەبون و داماو بکەن ! واتە ناخیان ملکەچ بکەن . ئەو ڕۆژە ڕۆژی کەفارەت بوو (ڕۆژی دەیەمی مانگی حەوت) . ئەو ڕۆژە بە شەبەت واتە پشووی تەواوەتی دادەنرا بە شێوەیەك هەموان دەبوو خۆیان بگرنەوە لە هەر کارێکی ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەو هیچی تێدا نەکەن ، فەرمان کرابوو بە گەلی ئیسرائیل کە ناخیان ملکەچ بکەن تیایدا لە ڕۆژی کەفارەت دەبوو زیاتر هۆشیار بن و هەست بەو ڕاستیە بکەن کە کەمتەرخەمن لە داواکاریەکانی خوداو ژیان بەپێی خواستەکانی ! ڕۆژی کەفارەت ڕۆژی تاقیکردنەوەی ناخ بوو ، ڕۆژی خۆ ملکەچ کردن بوو ڕۆژی داننان بە گوناهەو ڕۆژی کەفارەتی گوناهە بوو ڕۆژی خۆڕەتکردنەوە بوو .

پێغەمبەر ئیشایا (٧٤٠ – ٦٨٠ پ. ز) فێری کردن کە ئەو ڕۆژووەی خودا دەیەوێ ودیاری کردوە ڕۆژی لابردنی ستەمە و ئازادکردنی ستەملێکراوانە بڕوانە ئیشایا ٥٨: ٦- ١٢ (ئایا ئەمە کۆتی ستەمکاری بکرێتەوە ئەو ڕۆژووە نییە کە من دەمەوێت وگرێیەکانی نیر شل بکرێنەوە، چەوساوەکان بەڕەڵا بکرێن و هەموو نیرێك بشکێنن؟

ئایا ئەوە نییە کە نانی خۆت بۆ برسی لەت بکەیت وهەژارە بێ لانەکان ببەیتە ماڵەوە، کە ڕووتێکت بینی پۆشتەی بکەیت و خۆت لە خزمەکانی خۆت نەشاریتەوە؟

ئەوسا ڕووناکیت وەك بەیان پڕشنگ دەداتەوە،تەندروستیت بە
خێرایی چرۆ دەکات، ڕاستودروستیت لەپێشتەوە دەڕوات و
شکۆمەندی یەزدانیش پاشڕەو و پارێزەری تۆیە
ئەوسا هاوار دەکەیت و یەزدان وەڵام دەداتەوە،هاواری فریاکەوتن
دەکەیت، ئەویش پێت دەفەرموێت ئەوەتام
ئەگەر بەرگی ستەم لە خۆت داماڵیت و
واز لە قسەی بەد و تاوانبارکردنی خەڵکی بهێنێت
هەروەها ئەگەر خۆت بۆ برسی ماندوو بکەیت وپێداویستی زەلیل
دابین بکەیت، ئاوا ڕووناکیت لەناو تاریکی دەدرەوشێتەوە و
تاریکی ئەنگوستەچاوت وەك نیوەڕۆ دەبێت
یەزدان هەمیشە ڕێنماییت دەکات و
لە خاکی ڕووتەندا گیانت تێر دەکات و
وەك باخچەیەکی تێر ئاوت لێدێت، جەستەت بەهێز دەکا
کانییەك کە ئاوی لێ نەبڕێت
گەلی تۆ کەلاوە داڕووخاوە کۆنەکان بنیاد دەنێنەوە،
بناغەکان هەڵدەستێننەوە، کە لە نەوەکانی پێشووەوەیە،
ئینجا ناوت لێ دەنێن، بنیادنەرەوەی شووڕا و ئاوەدانکەرەوەی
کۆڵانەکان .)
ب. پێناسەی گەشەی مێژووی بۆ پەیڕەوکردنی ڕۆژوو لە پەرتوکە
مێژوویەکانی پەیمانی کۆندا.
ئیشایا ٥٨: ٣، ٥ وە زەبور ٣٥: ١٣ (١٠٠٠- ٤٠٠ پ. ز)
بخوێنەوە .
ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن جیاوازی واتاوکاتی
ڕۆژوو دروست بوو لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی مێژوودا ، تەنانەت
ئەوانەش کە فەرمان وداواکاری نەبوون ؟
گۆڕانکاری لە واتای ڕۆژوودا.
بەشێوەیەکی مێژوویی دەستەواژەی ملکەچی و خۆ داماو کردن
گۆڕا بۆ خۆگرتنەوەی دەرەکی و ڕواڵەت لەبارەی خواردنەوە . واتە
بەڕۆژووبوون . لە زەبورەکاندا و ئیشایادا ئەم دوو دەستەواژەیە
گرێدراون بەتەواوی بەیەکەوە ، چونکە گوزارش کردن لە ملکەچی
یان ناخ کەساس کردن لە عیبریدا "عننە نیفش" نزیک بوو
لەبەکارهێنانی بۆ واتای وشەی ڕۆژوو کە لە زمانی عیبریدا
"ڕۆژووە" وردە وردە تا وای لێهات بوە وشەیەکی بەرامبەر .

لە دواییدا لە ناوەڕاستی ماوەی پاشاکان (٧٤٠- ٦٨٠ پ. ز) ئەم دوو وشەیە بە هاوسەنگی بەکاردەهێنران پێکەوە (ئیشایا ٥٨: ٣، ٥ وە لە زەبور ٣٥: ١٣ ڕۆژوو ئامرازێکە بۆ ناخ ملکەچکردن ئیدی بەم شێوەیە لەگەڵ خۆملکەچ کردن گوزارش دەکرا لە سەرەتای ڕۆژی پشوودا وەك تاقیکردنەوەی ناخ لەبەردەم خودا .
سەبارەت بە خەڵکی ڕۆژهەڵات ڕۆژوو گرێدراوە بە کارەسات و مردن بۆیە ڕۆژوو گرتن کارێکی ئاسایی بوو لەهەر یادێکدا (١ساموئیل ٣١: ١٣ ؛ ٢ساموئیل ٣: ٣٥) . وە لەماوەی تۆبەکردنی نیشتمانیدا لەسەر ئاستی گەل (دادوەران ٢٠: ٢٦؛ ١ساموئیل ٧: ٦؛ ئەستێر ٤: ١٦) . ئیدی خۆگرتنەوە لە خواردن ئامرازێک بوو بۆ ئەشکەنجەدانی ڕۆح زیاتر لەوەی هەلێك بێت بۆ پشکنینی ناخ و خۆداماو کردن و داننان بە گوناهەداو کەفارەتی گوناهە .
زیادکردنی ماوەی ڕۆژوو .

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ، بزوتنەوەی ڕۆژوو چەند بەرابەر زیاتر بوو لەنێو گەلی جولەکەدا . لەسەرەتای سەردەمی حوکمڕانی پاشاکان (نزیکەی ٩٣١ پ.ز) گەل یەك ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو لە بەیانیەوە تا ئێوارە (٢ساموئیل ١: ١٢) وە هەر لەوێدا هەفتەیەك ڕۆژووگرتن هەبوو (١ساموئیل ٣١: ١١- ١٣) . وە لەسەردەمی دانیال سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوون بەڵام بەسەر یەکەوە نا بەڵکو بەش بەش (دانیال ١٠: ٣) . لە کۆتاییدا ماوەی شانشین وپاشاکان (پێش ساڵی ٥٨٦ پ. ز) ڕۆژووگرتن سنوری ئاسایی تێپەڕاندوو بوە چل ڕۆژ (١پاشاکان ١٩: ٨) . وەە دوای ڕاپێچ (٥٢٠ – ٥١٨ پ. ز) ڕۆژوو گرتن هەبوو لەماوەی هەردوو مانگی پێنج و حەوتدا(زەکەریا ٧: ٣- ٥) ، هەروەها بەخێرایی ڕۆژووگرتن دەرکەوت لە مانگەکانی چوار وپێنج وحەوت و دەدا لەهەموو ساڵێکدا (زەکەریا ٨: ١٩) !
لە کۆتاییدا سەردەمی هاتنی یەکەمی عیسا ڕۆژوو گرتن وای لێهاتبوو لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژوو بوو ئەوە بوو کە فەریسیەکان پەیڕەویان دەکرد (لۆقا ١٨: ١٢) .
جگە لە خۆداماوکردن ڕۆژوو گرتن کە لەلایەن خوداوە فەرمانی پێکرابوو بۆ گەلی ئیسرائیل لە پەیمانی کۆندا لە لێڤیەکان ١٦: ٢٩- ٣٤ ، هەموو ڕۆژوەکانی تر ڕاسپاردەی مۆرف بوون بە تەواویی

وه خودا داوای نەکردبوو ئەمەش بەشێک بوو لە نەریتی پیرەکان (بڕوانە مەرقۆس ٧: ١- ١٣) .
ج. ئامانجەکانی ڕۆژوو لە کتێبی پیرۆزدا .
ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئامانجەکانی ڕۆژووگرتن چیە لە مێژووی کتێبی پیرۆزدا؟

ڕۆژوگرتن گوزارشێکی فەرهەنگی بوو بۆ ملکەچی و ناخ ملکەچکردن .
پێناسەی مێژووی کە لە نەحمیا ٩: ١- ٣ دا هاتوە بخوێنەوە نزیکەی ساڵی ٤٠٠ پ .ز .
ڕۆژوو گرتن گوزارشێکی فەرهەنگی بوو بۆ دڵتەنگ بوون .
پێناسەی مێژووی کەلە ٢ساموئیل ١: ١٢ و ٢ هەواڵی ڕۆژان ٢٠ : ٢- ٤ دا هاتوون بخوێنەوە .
ڕۆژوو گرتن ئامانج لێی زیادکردنی توانا بوو بۆ جەختکردنەوە و باش بیرکردنەوە .
پێناسەی مێژوویی کە لە مەتا ٤: ٢؛ کردار ١٣: ٢- ٣ ؛ کردار ١٤: ٢٣ هاتوە بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە دەرچوون ٣٤: ٢، ٢٨ وە وتەکان ٩: ٩، ١٨ وە ١ پاشایان ١٩: ٨ وە لوقا ٤: ٢ هەروەها سەرنج بدە لە مەتا ٦: ١٦- ١٨ . !
هەروەها کتێبی پیرۆز دەنوسێت لەبارەی پەیڕەوکردنی ڕۆژوو بۆ مەبەست و ئامانجی هەڵە .
پێناسەی مێژوویی کە لە ١پاشایان ٢١: ٩؛ زەکەریا ٧: ٣- ٥ ؛ ئیشایا ٥٨: ١- ١٢ دا هاتوە بخوێنەوە .
د. ڕۆژووی ڕاستەقینەو کتێبی خۆگرتنەوە نیە لە خواردن بەڵکو لە خراپە .
ئیشایا ٥٨: ٣- ١٣ ؛ زەکەریا ٧: ٤- ١٠ بخوێنەوە .
ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە :

تێبینیەکان . ئیشایا ٥٨: ٣- ١٢ خودا گەلەکەی فێردەکات لەبارەی ڕۆژووی ڕاستەقینەوە ئەوەی ئەو دەیەوێت و ڕازیە لەسەری .
ئەو جۆرە ڕۆژووەی خودا نایەوێت و پێی ڕازی نیە ، ئیشایا ٥٨: ٣- ٥ .
ئەو جۆرە ڕۆژوەی خودا ڕازیە لێی (ئیشایا ٥٨: ٦- ١٢) .

هەروەها بڕوانە ئیسایا ٥٨ وە زەکەریا ٧ خودا نایەوێ بەشێوەی وشەبەندی ڕۆژوو بگرین بەڵکو بە فەرمانکردن بە خۆشەویستی خوداو نزیکبوونەوە لێی .
هـ . دەبێت ڕۆژووگرتن ئارەزوومەندانە بێت و بە نهێنی بێت / بەبێ هەوڵدان بۆ ڕاگەیاندنی .
مەتا ٦: ١٦- ١٨ بخوێنەوە .
ئاشکاری بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کاتێ بەڕۆژوو دەبن باوەڕداران دەبێت چۆن بەڕۆژوو بن ؟
تێبینیەکان .
لەماوەی پەیمانی کۆن لە مەتا ٦: ١٦- ١٨ عیسای مەسیح فێرمان دەکات (کاتێك بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەك دووڕووان، چونکە ڕوویان دەگۆڕن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕاستیتان پێ دەڵێم ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە بەڵام تۆ کە بەڕۆژوو دەبیت، سەرت چەور بکە و دەموچاوت بشۆ تاکو بۆ خەڵك دەرنەکەوێت کە بەڕۆژوویت، تەنها باوکی نەبینراوت نەبێت، باوکیشت ئەو کارە دەبینێت کە بە نهێنی ئەنجام دراوە، پاداشتت دەداتەوە .)
و. خۆشی ڕزگاریی ناگونجێ لەگەڵ ڕۆژووگرتن ودڵتەنگی .
ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چیمان فێر دەکات لەبارەی ئامادەبوان و ئامادەنەبوانی زەماوەندەکەی عیسای مەسیح ؟ ئەم بابەتە چی پەیوەندیەکی بە نوێژەوە هەیە ؟
تێبینیەکان .

عیسا پێی فەرموون: " ئایا بانگهێشتکراوانی زەماوەند دەتوانن شیوەن بگێڕن کاتێك زاوا لەگەڵیاندایە؟ بەڵام ڕۆژێك دێت زاوایان لێ دوور دەخرێتەوە، ئەوسا بەڕۆژوو دەبن ." ئەو کاتە کامەیە کە عیسا ئاماژەی بۆ دەکات ؟
هەندێك پێیان وایە عیسا ئاماژە دەکات بۆ ماوەی نێوان بەرزبوونەوەی و هاتنەوەی دووەمی بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە ئاماژەیە بۆ ماوەی نێوان مردنی و هاتنەوەی بۆلایان دوای هەستانەوەی لەلایەك ولەلایەکی ترەوە هاتنی بۆلایان کاتێ ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەرسەیاندا .
عیسا هەیەو ئامادەیە هەموو کاتێك .

مەتا ١٨: ٢٠؛ ٢٥: ١؛ ٢٨: ٢٠ ؛بینین ١٩: ٧؛ ٢١: ٩ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢٢- ٢٣ ؛ ٣: ١٦- ١٧ بخوێنەوە .
تێبینیەکان .
بە پشبەستن بە مەتا ٢٥: ١ وە بینین ١٩: ٧ وە ٢١: ٩ هەندێ کەس وا فێرکردن دەکەن گوایە زاوا عیسای مەسیح ئامادەنیە تا هاتنەوەی دووەمی ! بۆیە دەڵێن مەسیح داوای کردوە لە باوەڕداران کە بەڕۆژوو بن ماوەی پەیمانی نۆێ تا هاتنەوەی دووەمی ، ئەم بۆچوونە ڕاست نیە چونکە عیسا فەرمانی نەکردوە کە بەڕۆژووبن بەڵام دەڵێت بەڕۆژوو دەبن . دووەم عیسای مەسیح لەنێو کڵێسادا نادیار نەبوو بەدرێژایی ماوەی پەیمانی نوێ چونکە کڵێسا جەستەیەتی وە نادیار نەبوو لە ژیانی هەموو باوەڕدارانی ڕاستەقینەدا ماوەی پەیمانی نوێ وە بەڵێنی پێدان تا کۆتایی زەمانە لە دڵی باوەڕداراندا بژی (گەڵاتیە ٢: ٢٠) .
بۆ ماوەیەک عیسای مەسیح نادیار بوو لە قوتابیەکانی .
ئیشایا ٥٣: ٧- ٩ وە یۆحەنا ١٦: ١٦- ٢٢ ؛ بینین ٢١: ٩- ١٠ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ٢٢- ٢٣ بخوێنەوە .
تێبینیەکان .
هەروەها بڕوانە مەتا ٩: ١٥ .
دوای هەستانەوەی عیسای مەسیح لە مردن قوتابیەکان دڵخۆش بوون (لۆقا ٢٤: ٤١) ؛ یۆحەنا ١٦: ٢٠- ٢٢ ؛ گەڵاتیە ٥: ٢٢ ؛ سەرنج بدە لە یۆحەنا ٢١: ٩- ١٠ وە عیبرانیەکان ١٢: ٢٢- ٢٣ وە مەتا ٢٨: ٢٠ .
ز. داواکاریی ڕۆژووی پەیمانی کۆن پوچەڵ کرایەوە .
کۆلۆسی ٢: ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٥ بخوێنەوە .
بزانە دوای مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی (٣٠ ز) داواکاریەکانی شەریعەتی پەرستش گۆڕانکاری بەسەردا هات
بڕوانە کۆلۆسی ٢: ١٤ وە ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٥ .
ح. دەرئەنجام : بەشە کتێبیە گرنگەکان سەبارەت بە ڕۆژووگرتن ئەمانەن :
ئیشایا ٥٨: ٦- ١٢ . مەتا ٩: ١٥- ١٧ . مەتا ١٧: ٢١ . مەتا ٦: ١٢ . کۆلۆسی ٢: ١٤ وە ئەفەسۆس ٢: ١٥ وە مەتا ٦: ١٦- ١٨ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " سیستەمی شتە نوێیەکان ئەوەی عیسای مەسیح هێنای لە هاتنی یەکەمیدا ناگونجێ لەگەڵ سیستەمە کۆنەکەی شتەکاندا ئەوەی نەریت و بڕیاری مرۆڤانە بوون و فەریسیەکان لە ڕاپێچی بابل وەریان گرتەوە ، سیستەمی نوێ پێکهاتوە لە ڕزگاریی خەڵک وچاکردنەوەیان و گۆڕانیان و نوێبونەوەیان ئەمەش لە شێوەی ژیانە کە مەسیح بڕیاری لەسەر داوە ، وێنەیەکە بۆ خۆشی ڕزگاریی . بەڵام سیستەمە کۆنەکە پێکهاتوە لە نەریتی پیرەکان و گوزارشە لە شێوازی پەیڕەوکردنی ئایینی ئەوەی مرۆڤ بڕیاری لەسەر داوە وەکو ڕۆژووگرتن و دڵتەنگی .

خودا ڕازی نیە بە هەموو شێوازو نەریتێکی خەڵکی لە دڵتەنگیدا . هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح سیستەمێکی نوێی دەستپێکرد : خودا لەگەڵمانە (عەمانۆئیل مەتا ١: ٢٣) مەسیحتان تێدایە (گەڵاتیە ٢: ٢٠ ؛ کۆلۆسی ١: ٢٧) وە ڕۆحی پیرۆز لەنێوتاندایە (یۆحەنا ٧: ٣٨- ٣٩ ؛ ١٤: ١٦- ١٧ ؛ ئەفسۆس ٢: ٢٢) .

هەموو ڕۆژوویەکی شەریعەتی بەتاڵە لە خۆشی ، ئەمەو جگە لە نەریتە وشکەکان کە فەریسیەکان دورستیان کردبوو . دەبێت ئەمانە بخەیتە لاوە تاکو جێی ئەمانە ڕزگاریی عیسای مەسیح ئەوەی هێنای بگرێتەوە دەتوانین بە نهێنی بەڕۆژوو بین لەپێناوی هۆکارێکی گونجاوی خۆمان کە هەمانە ، شانشینی خودا بە ڕۆژوو پێناسە ناکرێت بەڵکو بە ڕاستودروستی و ئاشتی و خۆشی لە ڕۆحی پیرۆزدا ڕۆما ١٤: ١٧- ١٨ .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " زاواو جلی دڕاو وە مەشکەی شەراب" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبورەکان ١٤١، ١٤٣ ، ١٤٥ ، ١٤٦. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. "خودا سەرچاوەی هەموو زانینێکە " عیبرانیەکان ٤: ١٣ .
ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .